# کێ بەرپرسیارە لەنەبوونی پلانی

### ئابووریی بێ پلان
### ڕێگایەکی بێ نەخشە

لەئەزموونی مالیزیاوە فێردەبین:(( پەرەپێدانی ئابووری لەڕێگای پلانی ئابوورییەوە دەست پێ دەکات..))، ئەمەش وایکرد وڵاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتوو لەماوەیەکی پێوانەیی ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو، «بەپلانی خەونی نیشتمانی» کۆمەڵگای مالیزیا بنیاتنراو بوونە خاوەن ئابوورییەکی گەشەسەندوو دادپەروەر . لەم راپۆرتەدا پشتگیری ئەوە ناکەین راستەوخۆ ئەو مۆدێلە ئابوورییە جێبەجێ بکەین، وڵاتێك کە٣٠ ساڵ لەپێش ئێمەوە هەنگاوی بەرەو جێبەجێکردنی پلانە ئابوورییەکانی ناوەو، واقیع و دابونەریت و بگرە دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکانی جیاوازە، دەکرێت لەو ئەزموونە فێری بەندەکانی چاکسازی و پەرەپێدان بین، حکومەتێك چۆن بەو ماوە کورتە توانی پلانی ئابووری دارێژێت و لەرووی براکتیکییەوە کەرتی تایبەت و گشتی جێبەجێی بکەن، «د.سیلڤاراژی و زاینال ئەزنام کەدوو ئەکادیمی ئابوورین « ئەزموونی ئەو وڵاتەیان لەپێشکەوتنی

پلانی ئابووری نەخشەی ڕێگای ئابوورییەو بەستراتیژییەتی ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان دادەنرێت ، پێویستە بەوریاییەوە هەنگاوی بۆ بنرێت و مۆدێلەکانی وڵاتانی دیکە راستەوخۆ لێرە پیادە نەکرێت



# ئابووری؟

ئابووری گەڕاندەوە بۆ ئەو پلانە ئابوورییەی کەحکومەت دایرِژتووەو رۆڵی لەپەرەپێدانی ئابووری هەبووە، ئەمەش کاتێك حکومەت توانی لەماوەی سالآنی (١٩٧٠ بۆ ٢٠١٠) ببێتە خاوەنی سێ پلانی ئابووری (پلانی نوێی ئابووری، پلانی پێشکەوتنی نیشتیمانی، پلانی خەونی نیشتیمانی )، حکومەتی مالیزیا لەپلانە ئابوورییەکەیدا کەبۆگەیشتن بەپیشەسازی کشتوکاڵی و خۆراکی و تەکنەلۆژیا دایرِشتبوو، تەواوی تاکەکانی ناوکۆمەڵی بەگەڕخست و بەشداری ئابووری پێ کردن، تەنانەت گوندنشینەکانیش کەپشکی شێریان بەرکەوت لەئەرك و مافەکاندا رۆڵی سەرکییان بینی لەپەرەپێدانی ئابووری وڵات . ئەم مۆدێلەی مالیزیا بۆ کۆپیکردن نییە هەروەکو چۆن **ستراهان سپێنزە (ئابووریناس و بەرپرسی بەشی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لەپاڵێوزخانەی بەریتانیا لەعێراق- DFID) لەلێدوانێکی تایبەت بە(گوڵان) پێمان دەڵێت :** پلانی ئابووری نەخشەی رێگای ئابوورییەو بەستراتیژییەتی ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بۆیە پێویستە بەوریاییەوە هەنگاوی بۆ بنرێت و مۆدێلەکانی وڵاتانی دیکە راستەوخۆ لێرە پیادە نەکرێت، ئەم ئابووریناسە بەریتانییە پێی وایە:(( مادام کەرتی تایبەت لەعێراق و کوردستان بەسروشتی گەشەی نەکردووەو ئەوا زۆر زەحمەتە بەپلانی ئابووری کەئامانجی گەیشتنە بەبنەماکانی ئابووری بازاڕ بتوانرێت ئامانجەکان بەدی بهێنین، بۆیە دەبێت کار بۆ فراوانبوونی وەبەرهێنان بکەین ..

ئابووریناسان بەجیاوازی بیروبۆچوونیانەوە پلانی ئابووری بەگرنگ دادەنێن و پێیان وایە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش پێویستە هەنگاوی جیددی بۆ دانانی پلانێکی ئابووری وا دارِێژن، کە بتوانرێت لەرووی براکتیکییەوە جێبەجێ بکرێت، هەموو کارێکی ئابووری و ستراتیژییەتێك بەبێ پلاندانان و دیاریکردنی ئامانجەکان سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و ناکامڵ دەبێت، ئەو پلاندانانەی لێرەدا باس دەکرێت جیاوازە لەو پلاندانانەی لەرِێگای دەزگایەکی ناوەندییەوەو بەپێی بڕیارە سەپێنراوەکانی فەرمانڕەواو پارتی دەسەڵاتدار دەردەچێت، بەڵکو پلانێکی ئابوورییە لەرێگای دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکانەوە دادەڕێژرێت و لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان ئاراستە دەکرێت .



## پلان و ستراتیژییەتێک بۆ کێبرکێکردن لە ئابووری جیهاندا

کاتی ئەوە هاتووە پلانی ئابووری لەهەرێمی کوردستان لەرێگای کەرتی تایبەت و ئاراستەکردن و پاڵپشتیکردنییەوە جێبەجێ بکرێت، ببێتە بناغەیەك بۆ دانانی ستراتیژییەك بۆ ئەوەی لەئابووری جیهاندا توانای کێبرکێی هەبێت، لەمبارەیەوە **دکتۆر صائیب جواد توێژەری ئەکادیمی عێراقی لەلێدوانێکی تایبەت بەگوڵان گوتی:** ئێستاکە لەعێراق و کوردستان پلانی ئابووری گشتی نییە بەڵکو لەرِێگای بەرنامەو پرۆگرامی کەرتەکانەوە یاخود وەزارەتەکانەوە ئابووری دەبرێت بەڕێوە، ئەو راپۆرت و ستراتیژییانەی کەبۆپەرەپێدانی ئابووری و پلاندانانیش دادەنرێت لەرووی پراکتیکییەوە بەتەواوی جێبەجێ ناکرێت، کاتی ئەوەهاتووە حکومەت لەو چوارچێوە داخراوە دەربازی بێت، کەپلانی ئابووری ئاراستەی ئەو ئەزموونەپێشوو نەکرێتەوە کەحکومەت تەمویل بێت و کەرتی تایبەت رۆڵی تێدا نەبێت، ئەمڕۆ لەسەرانسەری وڵاتەکانی جیهاندا پلاندانانی ئابووری بەپێی سیاسەتەکانی دارایی و نەختینەیی حکومەت ئاراستە دەکرێت و حکومەت ناتوانێت بەفشاروپاڵەپەستۆ زۆر لەکەرتی تایبەت بکات بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی، بۆیە حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەرِێگای سیاسەتەکانییەوە هانی کەرتی تایبەت بدات بۆ ئەنجامدانی بەرنامەو کارەکانی، لەهەرێمێکدا کەوابەستەی ئابووری ناوەندی عێراق بێت و نەتوانرێت ببینە خاوەنی سیاسەتی نەختینەیی، بگرە ناسەقامگیری سیاسی و لاوازی پلان و بەرنامە ئابوورییەکانی ناوەند کاریگەری خراپی لەسەر هەرێمی کوردستانیشس داناوە .صائیب جەواد پێی وایە کاتی ئەوەهاتووە پلانی ئابووری لەرِێگای کەرتی تایبەت و ئاراستەکردن و پاڵپشتیکردنییەوە جێبەجێ بکرێت نەك بەگەڕانەوە بۆ ئەزموونی وڵاتانی سۆشیالیستی پێشوو، کەمەرکەزییەتی بەهێز وایکرد پلانەکە لەئامانجەکانی خۆی لابدات و بەشێوەیەکی پێویست لەرووی پراکتیکییەوە جێبەجێ نەکرا.

**ئێستا لەعێراق و کوردستان پلانی ئابووری گشتی نییە بەڵکو لەرِێگای بەرنامەو پرۆگرامی کەرتەکانەوە یاخود وەزارەتەکانەوە ئابووری دەبرێت بەڕێوە، ئەو راپۆرت و ستراتیژییانەی کەبۆپەرەپێدانی ئابووری و پلاندانانیش دادەنرێت لەرووی پراکتیکییەوە بەتەواوی جێبەجێ ناکرێت**

## دامەزراوەیەکی ئابووری نییە بۆ دانانی پلانی ئابووری

**زاگرۆس فەتاح بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان لەوەزارەتی پلاندانان**، نەبوونی پلانێکی ئابوری و جێبەجێنەکردنی بۆ نەبوونی دامەزراوەیەکی ئابووری گەڕاندەوە، لەم رووەوە پێی وایە: لەکابینەی نوێی حکومەتی هەرێم پێویستیمان بە پرۆسەیەکی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەتە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و دارشتنەوەی سیاسەت و بەرنامەی گونجاو بۆ هاندانی کەرتی تایبەت بەرەو وەبەرهێنان هەیە، لەکاتێکدا ئەزموونی سەرکەوتوو پەیڕەوکردنی سیستەمی ئابووری بازاڕ بێت، پێویستمان بە ماوەیەکی راگوزەر دەبێت، تێیدا سیاسەتێکی ئابووری مامناوەندمان هەبێت، لەوماوەیەدا رووبکەینە بەرهەمهێنانی ناوخۆ، لێرەدا مەرج نییە دەرگاکان دابخەین بۆئەوەی بەرهەمهێنانی ناوخۆ پێشبکەوێت، بەتایبەت عێراق پابەندی خۆی دەربڕیوە بەمەرج و رێنماییەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی، دەکرێت ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆ بەرزبکەینەوە، بۆ کێبرکێکردن لەگەڵ بەرهەمی وڵاتانی دەوروبەرو بیانی لەرێگای بەرزکردنەوەی کوالێتییەوە، لەم رووەوە ئەزموونی هیندستان زۆر گرنگە کاتێك لەساڵی ١٩٩١ حکومەت لەرێگای پلانی ئابوورییەوە بازاڕەکانی لەبەردەم کاڵاو بەرهەمی بیانی کردەوە، هیندییەکان پێیان وابوو سەرکەوتن بەدەست ناهێنن بەرامبەر کێبرکێکردنی بەرهەمی بیانی، بەڵام وادەرنەچوو بەرهەمهێنان و ئابووری هیندستان گەیشتۆتە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو . تاوەکو دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان لەم هەرێمە دەوڵەمەندو بەهێز نەبێت و، یاساکانی کار نەگۆڕدرێت و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی کشتوکاڵی نەکاتە ئاستی کێبرکێ و دابینکردنی پێداویستی ناوخۆوبگرە ناردنەدەرەوەشی، ناتوانرێت هەموو ئامانجەکانی پلاندانان بهێنرێتە دی .

## ئەگەر پلانی ئابووریش هەبێت کەسانی ناشارەزاو نادڵسۆز لەجێبەجێکردندا شکستی بێ دەهێنن

بەپێی سیاسەتە دارایی و نەختینەییەکان و دەستووری عێراق و مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان، دەکرێت پلاندانانی ئابووری لەهەرێمی کوردستان هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ پلانە ئابوورییەکانی عێراق، تەنانەت کاریگەریشی لەسەر بەرنامەو پرۆگرامە ئابوورییەکانی کوردستانیش هەیە، نەبوونی پلانێکی ئابووری سەرکەوتوو کەلەرووی پراکتیکییەوە جێبەجێ بکرێت کێشەیەکی گەورەی بەردەم پێشکەوتنی ئابووری عێراقە، ئابوورییەك ٩٥٪ی داهاتی نەتەوەیی لەرێگای ناردنەدەرەوەی نەوتی خاو بێت و شوێنەوارەکانی رابردوو دەیان کێشەی لەناو پەیکەری ئابووری عێراقدا دروست کردووە، کێشەی حکومەتی عێراق کەهەرێمەکەشمانی راپێچی ئەوکێژاوە کردووە حەزوخولیای بەرپرسانی باڵای حکومەت و گەورە پارتە فەرمانڕەواکانی سونەوشیعەیە

> **ناکرێت لەغیابی پلانی ئابووری چارەسەری خێراو زانستییانە بۆکێشەکانی بەردەم ئابووری کوردستان نەدۆزرێتەوە**

# لە مالیزیاوە چ

ئەزموونی مالیزیا ئەزموونی وڵاتێکە کەتوانیویەتی لەماوەی ٣٠ ساڵدا ببێت بە نموونەیەك بۆ وڵاتانی تر، ئەم وڵاتە بەچەند پلانێکی ئابووری توانی لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییەوە پێشبکەوێت و ببێت بە ئابوورییەکی پیشەسازی، لەم پێشکەوتنە خێرایەدا ناکرێت رۆڵی سەرکردایەتی سیاسی لە گەشەسەندنی ئابووریدا پشتگوێ بخرێت . پاش سەربەخۆبوونی لەژێر دەستی بەریتانیا لەساڵی ١٩٥٧ مالیزیا بەوڵاتێکی داهات مامناوەند دادەنرا، لەوساتەوە مالیزیا دەستی کرد بەگەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێ کە سودیان زۆرە بۆ گەشەسەندنی ئابووری، دواتر بەپلانی نوێی ئابووری حکومەتی مالیزیا رووی لەکەرتی تایبەت و پێشکەشکردنی ئاسانکاری کرد، بۆ راکێشانی گەورە کۆمپانیاکانی وڵاتانی رژهەڵاتی ئاسیاو ئەورووپاو ئەمەریکا، لەو روانگەیەوە کە بەتایبەتکردن و ئاراستەکردنی وڵات بەرەو ئابووری بازاڕ یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی دەتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت لەپێشکەوتنی وڵات، بەمشێوەیە مالیزیا بووە خاوەنی بەرنامەو پلانی گونجاو لەهەموو بوارەکاندا، بەرادەیەك کەرتی پیشەسازی و تەکنەلۆژیاش بەرەو پێشەوە هەنگاوی خێرا دەنێت .

ئەمڕۆ داهاتی ساڵانەی هەر تاکێك لەمالیزیا ٥،٣٠٠ دۆلاری ئەمەریکییە، ئەمەش وادەکات مالیزیا بەوڵاتێکی داهات سەرو مامناوەند دادەبنرێت، بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی کەدوا ئامانجە لەگەشەسەندنی ئابووری، بەهۆی ئەو بەرهەمانەوە زیادیکرد کەڕەوانەی دەرەوەی دەکات وەك»لاستیك، تەنەکە، رۆنی خورما، پترۆلیۆم»، لەساڵی ١٩٧٠وە تاساڵی ٢٠٠٠ ساڵانە داهاتی مالیزیا ٦-٧٪ لەزیاد بووندا بوو، ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی رێژەی هەژاران لەوڵات.

لەساڵی ١٩٧٠وە مالیزیا ستراتیژییەتی پێشکەوتنی ئابووری لەسەر سێ پلان داناوە:-

١) پلانی نوێی ئابووری.
٢) پلانی پێشکەوتنی نیشتیمانی.
٣) پلانی خەونی نیشتیمانی .

گەشەسەندنی ئابووری و سودمەند بوونی هەموو هاووڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان و بنبڕکردنی هەژاری، گرنگترین ئامانجی سەرەکی پلانی درێژخایەنی مالیزیایە، لەو رێگایەشەوە زامنی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگای مالیزیایان کرد..

> **مالیزیا بەچەند پلانێکی ئابووری توانی لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییەوە پێشبکەوێتء ببێت بە ئابوورییەکی پیشەسازی**



بــۆ رژێمــی مەرکەزییەتــی حکومــەت و دوورکەوتنەوەیــە لەنامەرکــەزی، ئەمەش بۆ مسۆگەرکردنی دەرکردنی بڕیارەکان لەلوتکەی هەڕەمــی فەرمانڕەوایەتییەوە، بەرپرســانی حکومی لەوەزارەتــی پلاندانانی عێراقی دان بەو راســتییە دەنێن کە هــۆکاری یەکەمی نەبوونی پلانی ئابووری بۆ نەبوونی کەسانی شارەزای ئابووری دەگەڕێتەوە، **لەلێدوانێکدا بۆ گوڵان دکتۆر عەلائەدین جەعفەر لەوەزارەتی پلاندانانی عێراق و ئەندامی لیژنەی پلاندانان لەمبارەیــەوە دەڵێــت** : بەشــێکی گەورەی نەبوونی پلانێکی ئابــووری تۆکمەو لێهاتوو لەعێراقــدا کەجێبەجێ بکرێت بــۆ نەبوونی کادیروشــارەزایانی ئابــووری دەگەڕێتــەوە، بەهۆی ئەو بارودۆخە دژوارەی کەعێراق پێیدا تێپەڕ بوو وایکرد ژمارەیەکی زۆر لەشارەزایانی ئابــووری خاوەن بڕوانامەو ئەزموونی بەرز بۆ دەرەوەی وڵات کۆچ بکەن یاخود خانەنشــین بوون، ئەوکادیروشارەزایانەی ئێستا هەیەکەمن و بەشی داڕشتنەوەی سیاسەت وبەرنامەو پلانی ئابووری و پەرەپێدانی ئابووری ناکات، چونکە ئەمبوارانە پێویستی بەشــارەزایی زانستی و ئەزموونی زۆر هەیە . ئەم شارەزایەی عێراق کۆمەڵێك هۆکاری تری باســکرد کەئاستەنك لەبەردەم سەرکەوتنی پلانی ئابووری دادەنێت، لەوانە ناسەقامگیری بەهای پترۆڵی جیهانی و بارودۆخە دژوارە سیاســی و ئەمنییەکەی عێراق، بەڵام کاریگەری سلبی ئەو هۆکارانە لەپاڵ نەبوونی کەســانی شــارەزاو بەتوانای خاوەن ئەزموون ئەوەندەی تر کێشــەکە ئاڵۆزتر دەکات .

## پلانێک بۆ بوژانەوەی گوندەکان

کاتێــك بــاس لەپەرەپێدانــی ئابووری و بوژانەوەی کەرتی کشــتوکاڵ و پیشەسازی دەکەیــن دەبێــت گرنگیــدان بەناوچــە گوندنشــینەکان لەبیر نەکەیــن، ئەم ناوچانە پشــکی گەورەیان لەپلان و ســتراتیژییەتی حکومەتیان بەرکەوێت، بەهاوشێوەی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی ئێستا کەلەرابردوودا بەپلانی ئابــووری و پەرەســەندنی بەرهەمەکانیــان توانیان ببنە نموونەی گەشەســەندنی خێرا، نموونەش لەمبــوارەدا زۆرە وەکو مالیزیا، ئەو وڵاتە سەرکەوتنێکی گەورەی لەپێشکەوتنی ناوچە لادێییەکانیدا بەدەســتهێنا، بەتایبەت لەکەمکردنــەوەی هەژاری. لەپرۆســەکەدا گونــدەکان لەلایەنــی ژێرخان تەندروســتی و قوتابخانە گرنگیان پێدرا، تاکو پشــتیوان بن لەپێشــکەوتنی ئابــووری وڵات، بەمەش بەرهەمــی کشــتوکاڵی زیادیکــردو پەرەی ســەند، ئەو پێشکەوتنە گرنگیدانە بە ناوچە لادێییــەکان هەســتێکی وای لای خەڵکی ناوچەکان دروســتکرد کەئەوانیش بەشــێکن لەپێشکەوتنی ئابووری وڵاتداو ئەوان پەراوێز نەخراون.

پلانی ئابووری بریتییە لەکۆکردنەوەی وزەی ماددی و مەعنەوی بەڕێگایەکی زانســتی لەپێناو بەکارهێنانی بەشــێوەیەکی ڕێکوپێك بــۆ دابینکردنی پێداویســتییە مــاددی و مەعنەوییــەکان و ڕزگارکردنــی لەدەســت بەســەرداگرتنی لایەنی تر. پلانی ئابووری

**بوونی پلانی ئابووری والەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات شەفافییانە مامەڵە لەگەڵ ئابووری بکات و پرۆژەکانی بەشێوەیەکی باشترو خێراتر بەڕێوەبەرێت**

# ــــی فێردەبین؟




### گەشەسەندنی

مالیزیا لەپاش جەنگــی جیهانی دووەمەوە بۆ چــوار قۆناغ دابــەش دەبێت (١- دوای سەربەخۆبوونی مالیزیا کەبەرهەمی سەرەکی لاستیكو تەنەکە بوون،٢- دووبارە داڕشتنەوەی پێکهاتەی ئابووری وڵات، ٣-ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانە ئابوورییەکەی ئاسیا لەنێوان ١٩٩١- ٢٠٠٠، ٤- بەرەنگاربوونــەوەی قۆناغــی خاوبوونەوەی گەشــەی ئابووری کەلەدوای هێرشــەکانی ١١ ســێپتێمبەری ئەمەریــکا دووچــاری مالیزیــاو وڵاتانــی دیکــەی پێشــکەوتوو بــوو ) گەیشــتن بەقۆناغە ئابوورییەکان و ســەرکەوتن بەســەر کێشەو گرفتە ئابوورییەکان پێویستی بە تەحەددای گەورە هەبوو بۆ گەیشــتن بە پێشــکەوتنی ئابــووری لەوانە ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری و بنبڕکردنی.

ســتراتیژییەتی ســەرەکی بــۆ بنبڕکردنی هەژاری بریتی بوو لــە دابینکردنی هەلی کاری موچــە بەرز، لەهەمانکاتدا بڕینەوەی یارمەتــی و مووچــە بۆ پیــرو پەککەوتەو کەســانی خــاوەن پێداویســتی تایبــەت. گرنگترین ئەو بەرنامانەش کە بۆ نەهێشتنی هەژاری دانران بریتــی بوو لە: دابینکردنی شــوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەوانەی بێ شوێن و جێگان، لەگــەڵ دابینکردنی ئاوو کارەبا و، بوژاندنەوەی زەوییە کشــتوکاڵییەکان و چاندنەوەی بەرهەمە کۆنەکان بە تەکنیکی نوێ و، کردنەوەی خولی ڕاهێنان و پەروەردە بــۆ جوتیاران تاکو بەرهەمیان زیادبکات و، بەخشینی پارە بە منداڵانی خێزانە هەژارەکان تاکو بتوانن لەخوێندن بەردەوام بن..

مالیزیا سەرکەوتنێکی گەورەی لەپێشکەوتنی ناوچە لادێییەکاندا بەدەســتهێنا، بەتایبەت لەکەمکردنــەوەی هەژاری. لەپرۆســەی گەشەسەندنی ئابووری گوندەکان لەلایەنی (ژێرخان، تەندروستی، قوتابخانە) گرنگیان پێدرا، تاکو پشــتیوان بن لە پێشــکەوتنی ئابــووری وڵات، بەمــەش بەرهەمــی کشتوکاڵی پەرەی سەند.

پێشــکەوتن و گرنگیــدان بــە ناوچــە لادێییەکان هەســتێکی وای لای خەڵکی ناوچەکان دروســتکرد کەئەوانیش بەشێکن لەپێشــکەوتنی ئابووری وڵاتــداو پەراوێز نەخراون.

ناوچە لادێییەکان پشــکی گەورەی پلان و ســتراتیژیەتی حکومەتیان بەرکەوت کە بۆ پێشکەوتنی ئابووری دادەنران، هەروەها بەشێکی زۆری وەبەرهێنانیش لەو ناوچانەدا دەکران.

**بەتایبەتکردن و ئاراستەکردنی وڵات بەرەو ئابووری بازاڕ یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی دەتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت لەپێشکەوتنی وڵات**

ئامانجدار پێویستە لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی بێت، نەوەك بنەمایەکی مەرکەزی کەتیایدا حکومەتی مەرکەز هەموو بەرهەم و بۆخۆی قۆرغ دەکات. ئامانجی هەموو پلانێکی ئابووریش پێویستە پێش هەر ئامانجێکی تر خزمەت بە هاووڵاتیان و داواکارییەکانیان بکات.

پلانی ئابووری بەجیاوازی حکومەت و سیستەمەکانی سۆشیالیستی پێشوو سەرمایەداری پێشکەوتووەوە بایەخی خۆی لەدەست نەداوە، چەند جیاوازبن لەخاڵێکدا یەك دەگرنەوە ئەویش بەگەڕختنی تەواوی توانا ماددی و مرۆییەکانە بەباشترین شێوە ئامانجی سەرەکی پلاندانانە، بەبوونی ژینگەیەکی لەباری گەشەسەندنی ئابووری هەرێمەکە پلانی ئابووری گرنگی زیاتر دەردەکەوێت، ناکرێت لەغیابی پلانی ئابووری چارەسەری خێراو زانستییانە بۆکێشەکانی بەردەم ئابووری کوردستان نەدۆزرێتەوە، راستە ئابووری هەرێمەکە بەراورد بەناوچەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق کەمتر کێشەی هەیە، بەڵام چارەسەرنەکردنی کێشە ئابوورییەکە چەند بچووك و کەمیش بێت لەئایندەدا چێی مەترسییە، بۆنموونە رێژەی هەژاری لەهەرسێ پارێزگاکەی کوردستان زۆر نزمە کەبەپێی رووپێوێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق هاتووە (هەولێر٣٪و سلێمانی٣٪و لەدهۆکیش٩٪)یە، بەڵام دەبێت کار بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی تری وەك بنبڕکردنی گەندەڵی و نادادپەروەری ئابووری و دابەزینی ئەو رێژەیەی هەژاریش بکرێت، لەلایەکی ترەوە دۆزینەوەی هەلی کارو بنبڕکردنی بێکاری و نەبوونی بەرهەمی ناوخۆو لاوازی ئاستی بەرهەمهێنانی کەرتی کشتوکاڵ و دەیان کێشەی تر پێویستە لەریزبەندی پێشەوەی پلانی ئابووری دابنرێن ..

بوونی پلانی ئابووری والەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات شەفافیانەتر مامەڵە لەگەڵ ئابووری بکات و پرۆژەکانی بەشێوەیەکی باشترو خێراتر بەڕێوەبەرێت، چونکە پلانی ئابووری پشت بە داتاو زانیاری راست و دروست دەبەستێت و، خەڵکیش لەڕێگای جێبەجێکردنی پلانەکەوە حوکم لەسەر باشی و خراپی بەڕێوەچوونی بەرنامەو کارەکانی حکومەت دەدەن.

**پلان و نەخشەی ڕێگای ئابووری بەستراتیژییەتی ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان دادەنرێت ، بۆیە پێویستە بەوریاییەوە هەنگاوی بۆ بنرێت و مۆدێلەکانی وڵاتانی دیکە راستەوخۆ لێرە پیادە نەکرێت**



بەگەڕختنی تەواوی توانا ماددی و مرۆییەکانە بەباشترین شێوە ئامانجی سەرەکی پلاندانانە

## بەرپرسی بەشی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لەپاڵیۆزخانەی بەریتانیا لەعێراق DFID (بۆگوڵان): ئامانجەکانی پلاندانان بەبێ وەبەرهێنان جێبەجێ ناکرێت

ستراهان سپێنزە (ئابووریناس و بەرپرسی بەشی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لەپاڵیۆزخانەی بەریتانیا لەعێراق- DFID) لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵان سەبارەت بەپلانی ئابووری عێراق و هەرێمی کوردستان کەلەم قۆناغەدا پێویستە هەنگاوی بۆ بنرێت پێی وابوو: پلان و نەخشەی ڕێگای ئابووری بەستراتیژییەتی ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بۆیە پێویستە بەوریاییەوە هەنگاوی بۆ بنرێت و مۆدێلەکانی وڵاتانی دیکە راستەوخۆ لێرە پیادە نەکرێت، عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان لەپێشکەوتنی بەردەوامدایەو لەسەرەتای ڕێگادایە بەرەو پەرەپێدانی ئابووری، کارێکی باشە ئامانجی نیشتمانیت هەبێت و لەهەموو وەزارەتەکانی حکومەتدا پلانی باشت هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە، بەڵام **بەبێ بەگەڕخستنی تواناکان لەبواری وەبەرهێنان مومکین نییە بتوانرێت هەموو ئامانجەکانی پلاندانان جێبەجێ بکرێت**، چونکە دەبینین هەموو ساڵێك هەرچی بودجەی هەیە هەمووی خەرج دەکرێت، ئەمە بێ پلانییە.

لەبەریتانیا ئابووری بازاڕ پیادە دەکرێت و پلانی ئابووریش بەپێی ئەو سیستەم و بیروباوەڕە دادەڕێژرێت، پێم وایە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بەرەو ئەو ئابوورییە هەنگاودەنێت، بەڵام پێویستە زۆر بەوریاییەوە هەنگاو بەرەو ئابووری بازاڕ بنێن، بۆ نموونە زۆرجار پیادەکردنی خێرای سیستەمی ئابووری بازاڕو رۆیشتن بەرەو بەتایبەتکردنی سەرجەم کەرتە ئابوورییەکان بێکاری لێدەکەوێتەوە، کەزیانی نەك تەنیا لەرووی ئابوورییەوە هەیە بەڵکو لەرووی سیاسییشەوە زیان و مەترسی بۆ لایەنی ئاسایش و تێکچوونی زیاتری بارودۆخە سیاسییەکەش هەیە، لەلایەکی ترەوە **پیادەکردنی ئابووری بازاڕ بێ ئەوەی کەرتی تایبەت لەعێراق بەتایبەتی گەشەی کردبێت هەنگاوەکانمان بەرەو گەشەسەندنی ئابووری ناکامڵ دەکات و زیان بە پلانی ئابووریش دەگەیەنێت،** ئەوەتا وەبەرهێنانی گەورەو پێشکەوتوو لەلایەن کەرتی تایبەتەوە کەمە، ئەوەی هەیە کەرتی حکومییە یاخود بەیارمەتی و هاوبەشی حکومەتە ئالێرەدا عێراق پێویستە زیاتر هەنگاو بەرەو کەرتی تایبەت بنێت و سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەرگرێت گەرچی لێرەش پلانی ئابووری نییە، بەڵام بەفراوانبوونی کارو چالاکی کەرتی تایبەت بناغەیەکی باش دانراوە بۆ پیادەکردنی پلانێکی ئابووری تاوەکو ببێتە مۆدێلێك بۆ هەموو عێراق .